# نیشتمانێك لە خەون و نەوەیەك لە فەنا

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ڤانكۆڤەر/كەنەدا

سپتامبەری 2005



لە كوێوە چوون
لەكام دەلاقەی فیردەوسی ئاهورامەزدادا
خۆتان فڕێدایە نێو كێڵگەكانی خەون
لەڕێی كێوە بوون بە سەربازی ئەرتەشی خەونەكان
و
پەیتا پەیتا وڵاتانی هزر و مەعریفەتان ئەگرت
چۆن بوو ڕێتان لێهەڵە نەبوو و
لەسێبەری دار زەیتونێكی یۆناندا
یان لەكەنار گۆمێكی تەنیشت ڕۆماوە
خەونتان نەدیت بە مردن و ئاوابوون و نەچونەوەی
هەتا هەتا بۆ نیشتمان
ئێوە چۆن چوون لە بێستانی گێڵاسەكانی ئەنتوان چیخۆفدا سەر خەوێكی بۆ بشكێنن
چۆن بەدەستی بەتاڵەوە ئەچوونەوە نێو حەوشە گەورەكەی غوربەت
چۆن بەدەستی بەتاڵەوە ئەچوونە لای خانەخوێكانی دوێنێ و
دیاریەكانتان بەر لەگەیشتن
بەنیوە قیمەت ئەفرۆشتە بازرگان و چەرچیەكانی سەرسنوور
لەكوێوە سەرابتان ئەگرت
چۆن ئەبوونە دەزگیرانی خەیاڵە سادە و كەبتەكان
چۆن لەخەودا كچەكان و كوڕەكانی ڕۆژئاواتان بەڕوت و قووتی لەژوورێك

لەژوورێکی فەنتاسی سوور
ئەخستە بەر لێزمەی شەهوەتە مەکبوتکراوەکان
هەر لەو خەوە چەندین منداڵتان ئەبوو
قژ زەرد چاو ڕەش
چاو شین قژ ڕەش
هەر لەو خەوە جارێك ئەبوون بە دۆنکیشۆت و
جارێکی تریش بە شایلۆك
لە کوێوە چوون
لەقەنتەرەی کام ئارەزووی شەهیدەوە چوونە ژوریً
لەژێر پرچی ئاڵۆسکاوی سنوورەکان خواناسیتان لێبوە تەم
ئالآیەك نەبوو لەژێریا سوجدە بەرن
ئێوە چۆن چوون
چۆن بوون بە میلیشیای مەرگ و توانەوە
گۆرانیەکانتان بۆ کویً برد
پرچی تەڕی شیعرەکانتان لەکویً هەڵخست
ئێوە دەزانن ئەم چوونە دوایین چوونە
ئەم سەفەرە دوا سەفەری خەیاڵێکی ساردەوە بووی دەم حەزێکی کوتراوە
ئەم سەفەرە بەئەنفالبوونی ڕابردوو و
یادەوەری ڕۆژەکانی مناڵیە
ئەم سەفەرە دوا سەفەری وشکبوونەوەی گۆرانی و شیعر و خەونە
دوا سەفەری حەسرەتێکی هار و شێتە
ئێوە گومبەزەکانی تاراوگەتان چۆن داگرت و پرتان ئەکرد لە چیرۆك و ڕۆمانی خەم
چۆن نامەتان ئەناردەوە
چۆن زمانی دەریا فێر بوون

ئێوە لەکوێوە ئەهاتنە سەر تەرمی خۆشەویستان و
ئەگریان بۆ خاك خۆڵی ئەم نیشتمانە غەددارە.
ئێوە گومڕا بوون یان گومان سێبەری خستە سەر دڵتان
تا تورە بن لە منداڵی و یادەوەری؟
ئێوە کوڕی نیشتمانێکن لە سەراب
نیشتمانی ئێوە لەنێو گەڵاوەریوەکانی پایزدا دەخەوێت و
لەسەر سۆشتەکانی غەددر قاوە تاڵەکانی غوربەت ئەخواتەوە.
نیشتمانی ئێوە کچێکە و ئەگەڕێت بۆ دەزگیران
کەچی تەنها باڵندەیەك ئایەتەکانی مرازی دەخوێنێتەوە.
ئێوە هەر یەك چیرۆکێکن غوربەت ئەتاننوسێتەوە!
(( ئێمە نیشتمانمان نیە
نیشتمانی ئێمە لەنێو باخچەیەکدا وون بوو
نەدۆزیمانەوە و نەسۆراخێکیمان بۆ کرا
نیشتمانی ئێمە تەنها لە بۆنەکاندا دەژێت و
لە ڕۆژە ئاساییەکاندا هەر سێبەرەکەی دەبینرێت
نیشتمانمان هەر لەخەون و لەخەیاڵ و وڕێنەدا پەیدا دەبێت و
دێت لەسەر مێزێکی تەنیای پارکێکی چۆڵ جگەرەیەکی تەنیایی دائەگیرسێنێت و
ئەڕوات
نیشتمانی ئێمە لە پاکژیدا ئاوا بوو و جەستەی لە غەددرا هەڵکێشرا
نیشتمانمان خەونێك بوو جوان، وەکو خەونە سپیەکانی باڵندەکانی تاراوگە.))
لە کوێوە چوون
لەدەلاقەی کام ئومێد و خەیاڵەوە
خۆتان فڕێدایە نێو دارستانە کاکی بەکاکیەکەی تاراوگە
ئێوە چۆن چوون وەکو وێنە تەنکەکانی نێو ئەلبومەکان هەڵگیرێن!

به قەراغی چ بەیانییەکدا ڕۆیشتن و نەهاتنەوە
لەباوەشی چ شارێکدا بزر بوون و نەهاتنەوە
لەلێواری چ ئەندێشەیەکی تەماوی چاوتان لێکنا و نەهاتنەوە.
چیرۆکەکانتان ببێژن
حیکایەتە پڕ لە گریان و پێکەنینیەکانتان بگێڕنەوە
باسی جەللادەکان بکەن وەختێ لاشەی خەونەکانیان کەوڵ دەکرد
بیگێڕنەوە...لەکوێوە فەناتان دیل کرد
لەدەروازەی کام خەمەوە هەڵتان کوتایە نێو دەڤەرە وشکەکانی نائومێدی
لەهەناوی چ گۆمێکی فەناداردا فێری مەلەی عیشق بوون و
دڵداریتان ئەکرد لەگەڵ گوڵە ڕەشەکانی شێرزاد حەسەن
ئێوە فێڵتان لە کچە دەزگیران و هەڵخەڵەتاوەکانتان ئەکرد و
ئەبوونە جەستەی تەم و یەکە یەکە لەنێو دارستانەکانی سەفەر ون بوون
ئێوە چی بوون ئەی نەوەکانی حەزرەتی تاراوگە و خەم؟
( ئێمە نەوەیەك لە فەناین
پارچەیەکین لە ئاوێنە شکاوەکانی سەراب و لە گزنگە ڕژاوەکانی سەحەر
ئێمە هەناسەیەکین کورت،
کورت هەروەکو نمایشی شانۆیەکی برتۆڵد برێخت
ئێمە بە سێبەر داپۆشراین و جەستەشمان ڕچیو ڕچیو لەنێو تەنورە ساردەکەی تاراوگەدا وشك بۆوە.
ئێمە لە نیشتمان زویر و نیشتمانیش لە ئێمە زویر
ئێمە ئیتر ساردین وەکو وشکە سەرما
ئێمە ئیتر لە فەنادا سەما ئەکەین و
لەفەنادا نوێژ ئەکەین بۆ خواکانی عوزل و غوربەت)
بیگێڕنەوە ...سەربردەکان بگێڕنەوە

**له ئەلفەوە هەتاکو یێ بیگێڕنەوە**

**ئەی منالە چەتونەکانی تاراوگە و غەدر و فەنا!**